# دوانزە چەپکە گوڵی وەفاداری لەسەر گۆڕی میری حەیرانی کوردی [ڕەسوڵ بێزار گەردی] دادەنێین

**هەندرێن ئەسعەد**





ئاواز و گۆرانی و لاوک و حەیران و سرودەکانی بە گوێی هەمووماندا دەزرینگێنەوە، لاپەڕەی هۆنراوە و دەست نووسەکانی لە نێو لاپەڕەکان بە زیندوویی ماون، بۆیە بۆخۆی بە زیندوویی لەنێوماندا ماوە و دەمێنێ.

نازناوی مامۆستا و میری حەیرانبێژانی کوردستانی لە خۆڕایی پێنەبەخشراوە، چونکە مامۆستا ڕەسوڵ گەردی یەکەم کەس بووە حەیرانی نووسیوەتەوە و لە دوو توێی چەندین کتێبدا بڵاویکردۆتەوە، یەکەم کەس بووە کە حەیرانی لە رادیۆ بە راستەوخۆیی پەخش کردووە و یەکەم کەس بووە حەیرانی کوردی لە تەلەفزیۆن تۆمارکردووە، و بۆ خۆی لاوک و حەیرانی نووسیوە و دایڕشتووە، وەکو حەیرانبێژانی تر حەیرانبێژی گوندێک یان ناوچەیەک یان شارێک نەبووە و خەڵکی ناوچەکانی تر نەیناسن و گوێبیستی ناوی نەبووبن، بەڵکو حەیرانبێژی هەموو کوردستان بووە، و بەرهەمەکانی لە هەموو کوردستان بڵاوبونەتەوە، ناوبانگی لە هەموو کوردستاندا دەنگی داوەتەوە، سەرەڕای ئەوەش شاعیری زۆربەی گۆرانیەکانی خۆی بووە، و ئاوازیشی بۆ داناون، شارەزا و کارامە بووە لە لاوک و حەیران و جۆرەکانی مەقاماتی رەسەنی کوردی، دوای چەندین ساڵ بەسەر کۆچی دوایی مامۆستا بێزار گەردی ئێمەی عاشقانی هونەری ئەو مامۆستا نەمرە، هەرئەوەندەمان لەدەست دێ کە بەو چەند دێرە بێنازە بەوەفاوە یادی بکەینەوە.

ئەمساڵ لە ڕۆژی 17 ی ئۆکتۆبەر یادێکی بێناز و ناشایستەی ماڵئاوایی کردنی میری حەیرانی کوردی رەسوڵ بێزار گەردی دەکەینەوە، و هەرکە یادی ئەم کەڵە هونەرمەندە دەکەینەوە یادی هونەری رەسەنی کوردی و هونەری زیندوو و هۆنراوەی بە پێز و لاوک و حەیرانی دەشتی هەولێر و ئاوازی بەجۆش و سرودی شۆرشگێڕی دەکەینەوە، ئەم بەهرانە هەمووی لە خودی مامۆستا رەسوڵ گەردی کۆبونەتەوە، چونکە مامۆستا رەسوڵ لاوکبێژ و حەیرانبێژ و گۆرانیبێژ، و شاعیر و ئاوازدانەر، و نوێکەرەوەی فۆلکلۆر و پێشمەرگەیەکی ئەم کوردستانە بووە، هونەرمەندی خوالێخۆشبوو فوئاد ئەحمەد دەڵێ: "رەسوڵ گەردی مامۆستای حەیرانی کوردییە، و ئینسانێکی کەم وێنەیە."
جگە لە کەسایەتیە رۆشنبیر و نیشتمان پەروەرەکەی، مرۆڤێکی نەفس بەرز و هەست ناسک و ناخێکی پاک و دڵسۆز بۆ گەل و کوردستان و گشت برا و هاوڕێیانی بوو و هەردەم لەکاتی نەخۆشی و تەنگانە سەردانی کردوون و بەسەریکردوونەوە، قەتاوقەت لە ئاهەنگی تایبەتی و زەماوەند بۆ پارە کۆکردنەوە بەشداری نەکردووە. مرۆڤێکی قسەخۆش و دەم و لێو پڕ لە پێکەنین و وشەی شیرین بووە. مامۆستا هەژاری شاعیر لەکەرەج هەرکە برادەرێک و دۆستێکی نزیکی رەسوڵ گەردی چووبایە لای، شیعری بۆ نەدەخوێندنەوە هەتا قسەی خۆش و بەسەرهاتە خۆشەکان و نوکتەکانی رەسوڵ گەردیان بۆ نەگێڕاباوە.

کاتێ کە یادی ئەو هونەرمەندە پایەبەرزە دەکەینەوە، یادی دۆڵی خۆشناوەتی و دەشتی هەولێر و گوند و لادێکانی کوردستان و رووبار و کانی و چیا سەرکەشەکان دەکەینەوە، چونکە بستێ نەماوە لە کوردستانی ئازیز، مامۆستا رەسوڵ گەردی حەیرانێک یان هۆنراوەیەک یان سرودێکی لەسەر نەگووتبێ. هەموو کوچە و کۆڵانێکی هەولێری دێرین یادی دەکەنەوە، هەموو دارو درەختێک و گوڵ و گوڵزارێکی ئەم شارە یادی دەکەنەوە، هەموو چاو و برۆیەکی جوان و دەم و لێوێکی ئاڵ و گوێی بەگوارە و لوتێکی بەخەزێم و سەرێکی بە هیزار و سنگێکی بەگۆبەرە و قەد و باڵایەکی شوشەیی یادی دەکەنەوە، هەموو کوڕەتیمەلاو و کچەتیمەکی ئەویندار یادی دەکەنەوە، هەر شنەبایەکی بەیانیانی هاتوو لە لایەن یارەوە یادی دەکاتەوە.

**بەحرکە لە من بە ماڵە مێوە**
**دەچمەوە باخی شەقڵاوەی لەمن بەخۆخ و سێوە**
**ئەمن هەینێ هیوێی بەژنی باریک دادەنێم**
**وەکو بێتەوە**
**لە ماڵە خەزوران بە دەستەکی بە بازن، بە سەرەکی بە هیزار، لانک لە پشتی کووڕ بووە بەڕێوە.** ( 1 )

هەر وشەیەکی شۆرشگێڕیی لە ناخی پێشمەرگەی هەڵقوڵاو یادی دەکاتەوە. رادیۆی دەنگی کوردستان و وێستگەی تەلەفزیۆنی کەرکوک و وێستگەی رادیۆ و تەلەفزیۆنی بەغدا یادی دەکەنەوە، (کە لە مانگی نیسانی ساڵی 1947 یەکەم ئاهەنگی راستەوخۆی لە بەشی کوردی ئێزگەی بەغدا پەخشکردووە) هونەرمەندە رەسەنەکانی هاوەڵی یادی دەکەنەوە، کاروانی هونەرمەندە نەمرەکان مامۆستا عەلی مەردان و تایەر تۆفیق و فوئاد ئەحمەد و تەحسین تەها و محەمەد عارف جزیری و شەماڵ سائیب و حەسەن زیرەک و محەمەدی ماملێ و قادر کابان و ئیبراهیم خەیات و عوسمان عەلی یادی دەکەنەوە.

**نەورۆز جەژنی کوردستانە**
**هی گۆرانە هی سۆرانە**
**جەژنە جەژنی تێکۆشانە**
**جەژنی هەل بەکارهێنانە**
**پەلامارە هەڵمەتدانە**
**یادی کاوەی قارەمانە** ( 2 )

ئەرشیفە گەورەکەی وێنەکانی یادی دەکەنەوە، بەرهەمە بڵاوکراوەکانی یادی دەکەنەوە (کەزیاتر لە 600 حەیران و مەقام و گۆرانی و سرودی تۆمارکراون لە وێستگەی رادیۆ و تەلەڤزیۆنی بەغدا و سەدان بەرهەمی تریش لە دەرەوەی ئەو وێستگەیە تۆمارکردووە)، کتێبەکانی ( بژار - 1957 ) و ( گوڵە مێلاقەی کوردستان - 1960 ) و ( شیلان و شلێر - 1967 ) کە بەرهەمی خودی خۆی بوون یادی دەکەنەوە، تەنانەت ئەوانەی بە دەست نوسیش ماون و بڵاونەکراونەوە تا ئێستاش ئەوانیش یادی دەکەنەوە. مامۆستای شاعیر پیربال مەحمود لە مەڕ هونەرمەند رەسوڵ گەردی دەڵێ:

**وێنەگر وێنەی کاکە** ( **بێزار** )**م**
**بەنرخە وەکو کێو و کۆسارم**
**کەچی پەنجەی تۆ وێنەی کێشاوە بۆ هونەرمەندیی، لێرە لە شارم**
**بەلام لەخۆوە، وەها خوڵقاوە**
**هونەرمەند، وەکو مەلی هەوارم**
**بەدڵ نەی، بە دەم چریکەی گەرم**
**بە حەز تریسکەی رۆژی بەهارم**
**بە دیمەن وەکو فەرهادی شیرین**
**بە تاسە وەکو مەمی دڵدارم** ( 3 )

لە رۆژی 17 ی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی 1994، لە تەمەنی ( 72 ) ساڵی، و دوای خزمەتکردنی هونەر و ئەدەبی کوردی بۆ نزیکەی زیاتر لە نیو سەدە، دڵە گەورە ماندوو بوو و نەخۆشەکەی چیدی هێزی ترپەکردنی نەما لێوە بەخەندەکانی لە پێکەنین و قسەی خۆش وەستان، دەست و خامەکەی لە بەرهەمهێنان و داهێنان کەوتن، خوێنەگەرم و ئاڵەکەی سارد بۆوە، بە بێنازی سەری نایەوە و ماڵئاوایی لێکردین، و هونەر و ئەدەب مامۆستایەکی نەمری لە کیس چوو، و رۆڵە و نەوەکانی باوکێکی دڵ گەورە و دانا بەجێی هێشتن. و کوردستانی دایک رۆڵەیەکی بەوەفای لە باوەشی خۆیگرت.

**کەوم کەوی سەر لووتکەیە**
**لەسەر بازگان دەنگی هەیە**
**لە نێو گەلیان بێ چرپەیە**
**کەوباز دەڵێ بە نۆرەیە**
**کەوم کەوە . . دوورە دەنگی**
**لەقەد کێوان جوانە رەنگی**
**بە کەوبازان خۆشە دەنگی**
(**بێزار**) **پیرە ماوە شەنگی** ( 4 )

کۆچکردنی مامۆستا رەسوڵ بێزار گەردی، کۆچکردنی کەسێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو تەنها بە لاشە بەجێیهێشتین، کەچی رۆحی بەرزەفڕی لەنێوماندا دەخولێتەوە، و

**(1) حەیران، دانەر و گووتنی رەسوڵ گەردی، سەرچاوە: بژار، لە 1957 چاپکراوە.**

**(2)سرودی نەورۆز، شیعر و ئاواز و گووتنی رەسوڵ گەردی، سەرچاوە: گوڵە مێلاقەی کوردستان، لە 1960 چاپکراوە.**

**(3) شیعری پیربال مەحمود، سەرچاوە: شیلان و شلێر، لە ساڵی 1967 چاپکراوە.**

**(4) شیعری کەوی منە، شیعر و ئاواز و گووتنی رەسوڵ گەردی. سەرچاوە دارەشەکران (هێشتا چاپنەکراوە)**